# با 1ی ئایار بکەینە ڕۆژی یەکگرتوو کردن و ڕێکخستن وجۆشدانی خەبات و ناڕەزایەتی خەڵکی کوردستان!

چەند ڕۆژیکی دیکە کرێکاران لە هەموو وولآتانی دنیادا یادی خەباتکارانەی رۆژی جیهانی خۆیان دەکەنەوە. ڕۆژێك کە تەواوی چینی بورژوازی و نوێنەرە جیاوازەکانی ئەم چینە کە لەڕیگای خورافەو جەهل و ئەتۆمیزەکردنی ئینسان و ڕواندنی تۆوی دوبەرەکایەتی لە سایەی شوناسنامەی کۆنەپەرستانەی وەك نەتەوەو دین و تائیفەو ڕەنگی پێست و ڕۆژئاواو ڕژهەلات و... هەروەها لەڕێگای قەتل و عام و سەرکوت و داپلوًسینەوە تائێستا دەسەلآتی خۆیان پاراستوەو حوکمڕانی دەکەن، دێنە لەرزین لەبەرانبەر قوترەتمەندی ئەم هێزە عەزیمە ئەنتەرناسیونالەدا، کە هیچی نیە جگە لەو کۆت و زنجیرانەی کە لەقدو باڵای ئالآوە. ئەم ڕۆژە بەحەق ڕۆژی توڕ هەڵدانی هەموو شوناسنامە نا ئینسانی و درۆزنەکانە، رۆژی بەرزکردنەوەی ئالآی شوناسنامەی ئینسانی و چینایەتی کە لەمسەر بۆ ئەوسەری دنیا بەرز دەشەکێتەوە.

3ساڵ زیاترە حوکمەتی نەتەوەپەرستی بەعس گۆڕ بەکۆڕ بوو. حکومەتێك کە جگە لە سەرکوت و قەتل و عام و ئیعدام و زیندان، کە جگە لە جینۆسایدو تەعریب و ڕاگواستن و دوبەرەکایەتی نەتەوەیی و جەنگ هیچی دیکەی لە بەرنامەدا نەبوو. بەلأم 3ساڵ زیاترە خەڵکی عێراق وە کرێکارانی عێراق دەرگیرن لەگەڵ ڕەشترین ڕۆژەکانی مێژووی خۆیاندا. جەنگی تائیفی و قوڵبونەوەی کێبەرکێی نەتەوەیی و ترس لە شەری نەتەوەیی، کێبرکێێ تیرۆریزمی ئەمەریکی و ئیسلامی سیاسی کە ڕۆژانە دەیان و بگرە سەدان کەس دەبنە قوربانی. ئەمە سەڕەرای نەبونی خزمەتگوزارییە گشتیەکان و سەرکوتی ئازادییە سیاسی و مەدەنیەکان و سەپاندنی کۆنەپەرسترین فەرهەنگ و داب و نەریتی چاخەکانی ناوەڕاست. لەم نێوەدا دەسەلاتدارانی ناسیونالیزمی کورد، لە پێناو هاوبەشیکردن و بونی بەشێکی زیاتر لەدەسەلاتی مەرکەزدا لەگەڵ کونەپەرستانی ئیسلامیداو وەك هێزێك کە ڕاستەوخۆ لە حەلقەی سیاسەتەکانی ئەمەریکادا دەجولێتەوە، هاوبەشە لەسەپاندنی ئەو کویرەوەری و نەگبەتیانەی کە بەسەر خەڵکی عێراقدا هاتوەو لەهەمانکاتدا دیارییەکی گەورەی پێشکەش بە ناسیونالیزمی عەرەب و ئیسلامی سیاسی کرد بەوەی کە خەڵکی کوردستانی ڕاپێچی پەنجە مۆرکردن کرد بۆ بەزۆر لکاندنی کوردستان بەعێراقەوەو بەم پێیەش سەرکوتکردنی خواستی جیابونەوەی کوردستان و دەنگدانێکی گشتی و ئازاد کەتیایدا خەڵك دەنگ بدەن بەجیابونەوەی کوردستان یان مانەوە لەچوارچێوەی عیراقدا بە مافی هاوولاتیبونی یەکسانەوە.

## کرێکاران، خەڵکی ناڕأزی و ئازادیخوازی کوردستان!

سالیادی ڕۆژی جیهانی کرێکار بۆ ئێوە لەمساڵدا ماناو سیمایەکی تایبەتی هەیە. ئەمساڵ بەجیا لەوەی کە لەگەڵ کرێکارانی دنیادا یادی خەباتکارنەی خۆتان دەکەنەوە، لەهەمانکاتدا یادی یەك ساڵەی خەبات و ناڕەزایەتی نەپساوو بەردەوامی خەڵکی کوردستان دەکەینەوە. خەڵکی کوردستان لە نیسانی ساڵی پارەوە بەشێوەیەکی بەردەوام لە ڕاوەستانەوەدا بوە لەبەرانبەر دەسەلاتدارانی ناسیونالیزمی کورددا. سالێکی بەردەوامە مامۆستایان، خویندکاران، لاوان، کرێکاران، ماف پەروەران، وە خەڵکی شارەکانی سلێمانی کەرکوك و ڕانیەو کەلارو هەڵەبجەو ئاکرێو دهۆك بەشێوەی جۆراوجۆرو لەپێناو دابینکردنی خواستی خزمەتگوزارییە گشتیەکان و بەرزرکردنەوەی موچەو وەرگرتنی دەرماڵەو هەروەها لەپێناو دابینکردنی ئازادییە سیاسیەکان و دابینکردنی خواستی جیابونەوەی کوردستان و دژی گەندەڵی و فەرهودی سەرەوەت و سامانی کۆمەڵگا لەلایەن دەسەلاتدارانەوە، شێلگیرانە هاتونەتە مەیدان و لە خەباتێکی بەردەوامدا مێژویەکی تازەیان لە کوردستاندا تۆمار کرد. بە حەق ساڵی ڕابوردوو، خەڵکی کوردستان بە هەموو چین و توێژەکانیەوە، بەرژەوەندی و خواست و ئامانجەکانی خۆی بەکردار لە دەسەلاتدارانی ناسیونالیزمی کورد جیاکردەوە نیشانیاندا، کە دەسەلاتدارانی ئێستای کوردستان ناتوانن نوێنەری خواست و داواکارییەکانی ئەوان بن.

1ی ئایاری ئەمساڵ ، ڕۆژی ئێمەیە. ڕۆژی هاتنەمەیدان و یەکگرتووبون یەك دەنگیە بۆ دابینکردنی خواست و داوکارییەکان. ڕۆژی خستنە سەریەك و کۆکردنەوەی بەرهەم و دەستکەوتەکانی یەك ساڵ خەباتی ڕەوای خۆتان و زۆربەری زۆری خەڵکی کوردستانە، کە پێویستە بکرێتە سەرەتایەکی پتەو بۆ پێکهێنانی چەندین ڕێکخراوەی جەماوەری لە ڕێکخراوەکانی لاوان و خوێندکارانەوە بگرە، تا دەگاتە ڕیکخراوەکانی کرێکاران و مامۆستایان و فەرمانبەران.... پێویستە لەمڕۆژەدا بەهەرشێوەیەك کە بۆتان دەگونجێ و بۆتان دەکرێ لە نێومال و خێزانەکانتانەوە بگرە تاکو دەگاتە گەرەك و کارکەو فەرمانگەکان، لە گوندو ناحیەکانەوە بگرە تا قەزاو شارەکان یادی ئەمڕۆژە خەباتکارانە بکەنەوەو بیکەنە

جەژنی ڕاستەقینەی خۆتان. ئەمڕۆژە سەرەڕای ئەوەی کە پێویستە وەك جەژنێك یادی بکەینەوە، لەهەمانکاتدا پێویستە ئەم ڕۆژە بکەینە ڕۆژی هاتنەمەیدان‌و هاودەنگی‌و یەکگرتووبونمان لە مەراسمێکی سەرتاسەری شکۆفەمەندانە لەشارو شارۆچکەکاندا بە مەبەستی نیشاندانی عەزم‌و ئیرادەی یەکگرتووتان‌و یەك دەنگ بونتان لەسەر خواست‌و داواکاری ئامانجە ئینسانیەکانتان. ئەمڕۆژە شەقام‌و مەیدانە گەورەکانی شار، بکەنە مەیدانی یەکگرتوبون‌و نیشاندانی عەزم‌و ئیرادەی چینایەتیتان.

**بژی 1ی ئایار ڕۆژی جیهانی کرێکار !**

**سەرکەوتوبێت‌و خەبات‌و ناڕەزایەتی کرێکاران‌و خەڵکی ناڕازی کوردستان !**

**ڕێکخراوی کوردستان**

**حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق**

2006/4/24